## پرۆفیسۆر د. مستەفا زەڵمی بۆ لڤین



### لەناو کورددا چەندین زانا هەڵکەوتووە کە زۆر لە ئیمامی شافیعی زاناتر بوون

# زانایانی کورد هەر خەریکی ئەوە بوون کلیلێك دروستبکەن بۆ کردنەوەی دەرگای قورئانو حەدیس، بەڵام مردنو ئەو دەرگایەیان بۆ نەکرایەوە

دیداری موسعەب ئەدهەم زەڵمی – تایبەت بە لڤین

**● دکتۆر مستەفا زەڵمی یەکێکە لە ناوە دیارەکانی کایەی ئەکادیمیی لەسەر ئاستی کوردستانو عێراقو وڵاتە ئیسلامییەکان، تەنها ئەوەندە بەسە کە مامۆستای پایەبەرز خاوەنی چەندین بڕوانامەی دکتۆراو چەندین کتێبو لێکۆڵینەوەی زانستییەو لە چەندین زانکۆی عێراقیو عەرەبیدا کتێبەکانی وەکو پرۆگرامی خوێندن سوودی لێوەردەگیرێت، هەرچەندە زۆر بەدەگمەن لە میدیای کوردییدا دەرکەوتووە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەیاد نەچێت کە ئەو زانایەکی پایەبەرزی کوردستانو عێراقەو خاوەنی ناوبانگێکی ئەکادیمیی گەورەیە، لە دواسەردانیدا بۆ کوردستان، هاوکارمان ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا سازکردووە.**

**لڤین: گرنگیو ڕۆڵی ئایین عێراق بەگشتیو لە کوردستان بەتایبەتی، بەدرێژایی مێژوو چۆن دەبینێت؟**

مستەفا زەڵمی: کورد بەنیسبەت عەرەب یاخود کورد بەنیسبەت هەر گەلێکی تر، ئایینی ئیسلامی بەڕاستی گرتووە، چونکە خوا کوردی بەوجۆرە دروستکردووە، دڵی چی تێدایە، زمانیشی ئەوە دەڵێت، لەبەرئەوە بە (ظاهرو باطن) ئەوەی کە موسڵمان بێتو ئایینی گرتبێت لە کوردستاندا کوردبێت، یاخود لە هەر شوێنێك نیشتەجێ بێت، ئیمانی بەهێزترە لەوەی کە کورد نییە، هەروەها ((تورك))یش، ئەم دوو نەتەوەیە واتە کوردو تورك لە هەموو جیهاندا کە ئیمانیان بە ئیسلام هێناوەو ڕێگەی ئیسلامیان گرتووە، بەڕاستی گرتوویانە، بەڵام دوای هاتنەناوەوەی سیاسەتو هاتنەپێشەوەی سیاسەتو ئەحزابو لەپاش 1958، تەقریبەن ئەو وەزعەی ئەو بارودۆخەی

## پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا ئیبراهیم زەڵمی لەچەند دێڕێکدا

لەساڵی 1924 زایینی لەدێی زەڵمی هەورامان لەدایکبووە، لە ساڵی 1934ز چۆتە بەر حوجرەو هەر لەهەمان شوێندا، لەسەردەستی ژمارەیەك مامۆستاو مەلای عێراق و ئێران زانستەکانی (نحو، صرف، المناظرة، المنطق، البلاغة، اصول الدین، اصول الفقه، فلسفة، ریاضیات، الفلکیات)ی خوێندووە.

- ٭ لە ساڵی 1946 دا ئیجازەی زانستی وەرگرتووە.
- ٭ لە ساڵی 1969 پلەی ماجستێری لە شەریعەی ئیسلامی وەرگرتووە.
- ٭ لە ساڵی 1971 پلەی ماجستێری لە فقه المقارن لە زانکۆی ئەزهەر وەرگرتووە.
- ٭ لە ساڵی 1973 پلەی مالجستێری لە یاسادا لە زانکۆی قاهیرە وەرگرتووە.
- ٭ لە ساڵی 1975 پلەی دکتۆرای لە فقه المقارن بە پلەی ئیمتیاز لە زانکۆی قاهیرە وەرگرتووە.
- ٭ وانەی وتۆتەوە لە دوای ساڵی 1975 لە کۆلێژی قانون لە زانکۆی المستنصریە و زانکۆی بەغداد و زانکۆی نەهرەین و پەیمانگای قەزائی.
- ٭ لە ساڵی 1987 پلەی پرۆفیسۆری پێبەخشراوە لە زانکۆی بەغداد.
- ٭ لە ساڵی 1990 پلەی (أستاذ المتمارس)ی پێبەخشراوە.
- ٭ لە ساڵی 1992 خەڵاتی (هێما – نیشانەی زانستی)ی پێبەخشراوە.
- ٭ لە ساڵی 2005 پلەی دکتۆرای لە یاسادا لە زانکۆی ئەزهەر پێبەخشراوە.
- ٭ خاوەنی چەندین کتێبە لە بوارەکانی یاسا و شەریعەت و فیقه و ...هتد، کە ژمارەیان نزیکەی 27 کتێب دەبێت لەوانە: اسباب اختلاف الفقهاء، المفعولیة الجنائیة فی شریعة الأسلامیة، اصول الفقه الأسلامی (2) بەرگ، الصلة بین المدخل و القانون، حکم الأحکام القرآن، المنطق القانونی، فلسفة الشریعة، نهج القرآن... کتێبەکانی لە زانکۆکانی عێراق و مالیزیا، ئەندەنوسیا، یەمەن، ئەردەن، دەخوێندرێن.
- ٭ خاوەنی زیاتر لە 30 لێکۆڵینەوەیە لە بواری شەریعە و یاسادا.
- ٭ یەکەم کەسە لە عێراقدا توانیویەتی بەراورد بکات لەنێوان یاسا ی‌و شەریعەتدا بە وتنەوەی وانە و دانانی کتێب لەم بوارەدا.
- ٭ چەندین قوتابی لە وڵاتانی مالیزیا و ئەندەنوسیا و یەمەن و ئوردن و هتد... هەیە.

لە کوردستاندا و لە هەموو عێراقیشدا ئەو بارودۆخەی پێشتر وەکو خۆی نەما.

**لڤین: واتە کاڵبۆتەوە؟**

مستەفا زەڵمی: بەڵێ؛ سیاسەت کاریگەریی هەبووە لەسەری.

**لڤین: نەبوونی رۆڵی زانایانو چۆڵبیان لە مەیدانەکەدا نەبۆتە هۆکار؟**

مستەفا زەڵمی: لە هەموو بوارەکاندا دەتوانین بڵێین پێش ساڵانی 58 بارودۆخ باشتربووە تاکو دوای 58.

**لڤین: دوای لاوازیو کەمبوونەوەی رۆڵی حوجرەکان؟**

مستەفا زەڵمی: بەڵێ؛ سیاسەتو بارودۆخی وڵاتەکە وایکردووە کە وا رۆڵی حوجرەکان کەمبێتەوە.

**لڤین: مامۆستا رۆڵی زانایانی پێشوومان وەکو جەنابی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کە نەک تەنها لەسەر ئاستی کوردستانو عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش ناسراوە، چۆن دەبینیت؟**

مستەفا زەڵمی: بەڵێ، من (مذکرات حیاة)م هەیەو هێشتا چاپم نەکردووە، لەناو کورددا گەلێ زانا هەڵکەوتووە کە زۆر لە ئیمامی شافیعی زاناتر بوون، ئیمامی شافیعی کە هەموو کورد دەڵێن (الله، محمد، شافعی) وەکو چۆن شیعە دەڵێن (الله، محمد، علی) ئیمامی شافیعی (رەحمەتی خوای لێبێت) خۆی ساڵێك لە هەولێر بووە، ئیتر ئەوە یەکێك لە هۆکارەکان بووە، من لە (مذکرات)ەکانمدا نووسیومە. زۆر زانا لەناو کورددا هەڵکەوتووە، کە لە ئیمامی شافیعی زاناتربووە، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدا بووە، ئیمامی شافیعی زانی چۆن عیلمەکەی بەکاربهێنێت، چووە سەر قورئانو حەدیسی پێغەمبەرو فیقهی ئیسلامی، بەڵام مەلاکانی ئێمە نەیانزانی چۆن عیلمەکەیان سەرفبکەن.

**لڤین: واتە لەگەڵ واقیعدا نەبوون؟**

مستەفا زەڵمی: بەڵێ بەڵێ، تەنیا هەر خەریکی (علومی الالی) بوون، (علومی الالی) وەکو منطق‌ء اصول الفقه،الفلسفة، البلاغة، واتە بەکورتی پێتبڵێم خەریکی ئەوە بوون، کلیلێك دروستبکەن، هەر خەریکی کلیل دروستکردن بوون بۆ کردنەوەی دەرگای قورئانو حەدیس، مردنو دەرگاکەیان بۆ نەکراوەتەوە، بەڵام ئیمامی شافیعی هەر لە سەرەتاوە چۆتە سەر دەرگاکە، جیاوازییەکەیان ئا ئەوەیە، ئەگەرنا مامۆستا عەبدولکەریمو مامۆستای پێنجوێنیو مەلای قزڵجیو مەلای نۆتشیو مەلا ئەبوبەکری موسەنیفو مەلا قادری گەورەش لە بیارە، ئا ئەمانە هەموویان لە شافیعی کەمتر نەبوونو هیچیان لە زانایدا لە ئیمامی شافیعی کەمتر نەبوون، بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوە بوو، ئیمامی شافیعی زانی چۆن زانستەکەی بەکاربهێنێت، بەڵام زانا کوردەکان نەیانزانی.

**لڤین: مامۆستا فەیلەسوفێک هەیە بەناوی سەید حسێن نەسر، خەڵکی ئێرانەو لە ئەمریکا نیشتەجێیە، لە کتێبێکی نوێدا کە سێ ساڵە چاپکراوە باس لە شمس الدین محمد بن محمود شارەزووری دەکات کە وا خوێندنەوەی کردووە بۆ زانای گەورە سوهرەوەردی، تا چەند زانیارییتان هەیە لەسەر ئەم پیاوە (محمود شهرزوری)؟**

مستەفا زەڵمی: بەڵێ، خۆی سەلاح شارەزووری، موحەدیس بووەو باشترین موحەدیسە، بەڵام ئەوەی تۆ دەیفەرمووی ئاگام لێنییە.

**لڤین: مامۆستا گیان، فەرموودەیەکمان هەیە ئەویش ئەوەیە (خوای گەورە سەری هەموو سەد ساڵێک ((سەدە)) جارێک کەسێک دەنێرێت یاخود پەیدادەبێتو دین نوێدەکاتەوە) واتە تازەکەرەوەی دین (مجدد الدین) ئەمە چۆنە؟ بەپێی ناوچە دەگۆڕێت، یاخود هەر بوونی نییە، یان بوونی هەیە، بەڵام دابەشبووە بەسەر ناوچەکاندا؟**

مستەفا زەڵمی: حەدیسەکە دەفەرموێت (لاتزال طائفة من امتی ظاهرین علی الحق حتی یاتی أمر الله). ئەوە لێرەدا ناڵێت (100) ساڵ، واتە بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەموو سەردەمێکدا چینێك دەبێت، کە وا بەرگری لە ئیسلام دەکات، بەڵام لە رووی مێژووییەوە

چەسپاوە کە ئیسلام لەبەرئەوەی کە شتێکی حەقە تەنانەت ئەگەر بەرگریشی لێنەکرێت، هەر ئەمێنێتەوە، چونکە دین فیترەتە، دینی عەقڵە، دینی ئینسانیەتە، دینی عیلمە، دینی پێشکەوتنە، لەبەرئەوەی ئەم سیفەتانەی تێدایە نوێکەرەوە (مجدد)یش نەبێت، من قەناعەتم وایە، عیلم لە داهاتووداو پێشکەوتنی زانستی وادەکات کە هەموو خەڵك ئیمان بهێنێت بە ئیسلام، بەس ئەوەی کە دەڵێت (کل مئة سنة) ئەوە جێگیر نییە، بەڵام (لاتزال طائفة) ناڵێت (علماء أمتي) دەفەرموێ (لاتزال طائفة من امتي ظاهرين على الحق حتى ياتي أمر الله). بەرگری لە ئیسلام دەکەن (ياتي أمر الله) واتە ڕۆژی قیامەت.

**لڤین: مامۆستا ئێمە (فقه)مان هەیە، جاران زۆر ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤدا، بەڵام ئێستا بەمجۆرە نییە، بۆ نمونە بابەتی کۆپیکردنی مرۆڤ (استنساخ بشري) پێموابێت وەڵامی ئەم بابەتە لە فیقهی ئێستەدا بوونی نییە، یاخود فیقه چارەسەری بۆ دانانێت، ئایا فیقه کۆن بووە؟ یاخود پێویستی بە نوێکردنەوە نییە؟**

مستەفا زەڵمی: با، بەڵێ، دەبێت فیقهی ئیسلامی جارێکی دی چاوی پێدابخشێنرێتەوە (اعادة النظر) بکرێت، دەزانی بۆ؟ چونکە ئەم (فقه)ـە غەیری شەرعی ئیسلامییە، فقه بریتییە لە ئیجتیهادات، ئیجتیهاد دەگۆڕێت بە گۆڕینی کاتو زەمەن (لا ينكر تغير الأحكام بتغير الزمان)، شەریعەتی ئیسلام عیبارەتە لە قورئانو سونەتی پێغەمبەر (درودی خودای لێبێت) ئەم دووانە عیبارەتەکەیان (تەعدیل) ناکرێت، ناگۆڕێت، بەڵام هەندێ مانا ئەگۆڕێت، بۆ نمونە ئەو دەقەی (نص)ـەی کە دەلالەتەکەی بەپێی زەمان دەگۆڕێت، خوای گەورە دەفەرموێ (واعدوا لهم مااستطعتم من قوة و من رباط الخيل) (قوە ــ هێز) بەپێی زەمان دەگۆڕێت، ئەو کاتەی کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە قوە بریتیبووە لە شمشێرو لە ڕمو لە تیروکەوان، دەزانی ئەمڕۆش هێز ئەوەیە کە وا وڵاتانی زلهێزی وەکو ئەمریکاو ئەمانە گەیشتوونەتە لوتکە، ئێستا هێزەکە گۆڕاوە، تۆ نابێت ئەمڕۆ راڤەی ئەو ئایەتە بەوشێوەیە بکەیت کە لە کاتی خۆیدا دابەزیوە، دەبێت بەپێی ئەمڕۆ تەفسیری بکەیت. واتە قوە ما يملك العدو هەر چی ما يملك العدو دەبێت تۆش ئەو شتەت هەبێت. حاڵی بوویت، کەواتە لێرەدایە شەریعەتی ئیسلامی، غەیری فیقهی ئیسلامییە، فیقهی ئیسلامی ئیجتیهاداتی زانایانەو (المجتهد يصيب و يخطيء و الأجتهاد يتغير بتغير الزمان)، لەبەرئەوە ئێستا ئێمە پێویستە کە وا لەم کاتەدا بەپێی (مبادیء العامة في الأسلام)دا چارەسەری ئەو دۆزینەوە زانستییە نوێیانە بکەین، ئەگەر (استنساخ)ەو ئەگەر (جينات البشري)یە، ئەگەر هەرچی دۆزینەوەی زانستی نوێیە دەبێت ئێمە چارەسەری بۆ بدۆزینەوەو لە ڕێگەی (ڕێساو یاسای گشتی ئیسلام – القواعد العامة للأسلام) یەکێك لە قاعیدە گشتییەکانی شەریعەتی ئیسلام ئەوەیە، خودا دەفەرموێ (و ما أرسلناك الا رحمة للعالمين) ئێمە لە قاعیدەی بەلاغەدا، نەفی لەسەر نەفی بۆ ئیسبات، واتە وما أرسلناك الا، (ما)و (الا) نەفین، مانای ئەوەیە ریسالەتی محەمەد (کۆبۆتەوە ـــ حەصرە) لە ڕەحمەتدا، ڕەحمەتیش بە مانای مەسڵەحەتو بەرژەوەندییە، مەسڵەحەتیش واتە، (منفعة المستجربة والمضرة المستدرئة، سواء كان المنفعة أو المضرة دنيوياً أو ضرورياً، مادياً أو معنوياً) کە وا یەکێك لە یاساکان ئەوەیە، هەرچی سوودی مرۆڤی تێدابوو، ئەوە تۆ بیکە بە ڕێساو قاعیدەیەکی گشتییو دروستە لە ئیسلامداو هەرچی زەرەری مرۆڤی تێدابوو، دروست نییە، لەبەرئەوە ئەو دۆزینەوە زانستییانە بەر فیقهی تازە دەکەون، ئەو (فقه) تازەیەش بەوەچارەسەری دەکات کە تۆ پرسیارێکت لێدەکەن لەبارەی (جینات ـ بۆهێڵ)ـەوە نابێت تۆ لە کتێبە کۆنەکاندا بۆی بگەڕێیت، دەبێت لە (قواعد القرآن)، قاعیدەیەکی گشتی وەکو ئەو ئایەتەی کە هێنامەوە بەپێی ئەو یاسا گشتییانە (قواعد العامة) تۆ چارەسەری ئەو بابەتانە دەکەیت.

**لڤین: دەمەوێ ئەو پرسیارە دووبارەبکەمەوە کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لەگەڵ گۆڤارێکی عەرەبییدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردبووی کە ئایا ئەو دوعایەی هەمیشە لەسەر زارتانە چییە؟**

مستەفا زەڵمی: راستە ئەوەی لێپرسیم، دوای ئەوەی کە داوامکردووە لە خودا لە دونیادا لەپاش هەموو نوێژێك هەر لە منداڵییەوە نوێژمکردووە، سێ شت بووە.

یەکەم: ئەوەیە کەوا جێگیر (ثابت)ـم بکات لەسەر دین.

دووەم: زانستم زیادبکات.

سێیەم: موحتاجی ئینسانی نامەردم نەکات، دیارە مرۆڤ موحتاج ئەبێت بە هەموو کەس، بەڵام موحتاجی کەسی نامەردم نەکات، ئەزانی هەموو کەس پێویستی بە هەموو کەس دەبێت.

**لڤین: پێناسەت بۆ نیشتیمان چییە؟**

مستەفا زەڵمی: نیشتیمانی موسڵمان (أينما يكون)ـە لە هەر شوێنێك بێت، سنوور لە ئیسلامدا نییە.

**لڤین: ئەی عیرفان؟**

مستەفا زەڵمی: بڕوانە، خۆی عیرفان مەبەست پێی مەعریفەیە، زیادبوونی عیلمو زیادبوونی مەعریفە، خۆی قورئان وەڵامی ئەمەی پێداوی، یەکەم ئایەت کە دەینێرێتە خوارەوە فەرمانکردنە بە مەعریفە، فەرمانە بە (أقرأ) خوێندنەوە، وانییە؟ (أقرأ) ئەمە یەکەم ئایەتە، ئەمە یەکەم، دووەم (هل يستوى الذين يعلمون والذين لا يعلمون) سێهەم : (انما يخشى الله من عباده العلماء)، چوارەم پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت (الحكمة الضالة المؤمن، أينما وجدها فهو احق بها) یان دەفەرموێت (اطلب العلم ولو بالصين)، ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەرئەوەی ئیسلام داوادەکات کە مرۆڤ هەمیشە ژیانی خۆی لە دینو مەعریفەتدا بێت، چونکە ئەگەر تۆ مەعریفەتت زیادبوو، ئیمانت بەهێزدەبێت، من دوای ئەوەی یاسام خوێند ئیمانم بەهێزترە وەك لەوەی کە مەلا بوومو یاسام نەخوێندووە، چونکە ئێستا بەراورد دەکەم لەنێوان یاساو شەریعەدا (القانون و

الشريعة) دەبینم هەر شتێك كە راستە لە قانون (یاسا)دا ئەسڵەكەی لە شەریعەتدا هەیە، ئەوەیە كە وا مەعریفەت ئیمان زیاددەكات. جگە لەوە كە كۆمەڵگە پێشدەخات. بۆ نمونە ئەو كۆمەڵگەی عێراقە بۆچی بەربوونەتە یەكتری؟ هەمووی جەهل و تەخەللوف (نەزانین و دواكەوتن)ە، مەهدی یەكە خورافاتە ئەم عالەمە خۆی لەسەر چی دەدات بەكوشتت، ئەمە جەهلە، حاڵی بوویت، كە وابوو جەهل خراپترین نەخۆشییەكە مرۆڤ تووشی بێت.

**لڤین: مامۆستا گیان، رۆژانە نووسینت زیاترە یان خوێندنەوە؟ چەندە دەخوێنیتەوە؟ چەندە دەنووسیت، زیاتر خەریكی چیت و بەچییەوە سەرقاڵیت؟**

مستەفا زەڵمی: وەڵڵاهی خۆی بەداخەوە من لە ساڵی (1995)ـەوە، تووشی نەخۆشی دڵ بووم، ئەگەر سێ چوار پەڕە بخوێنمەوە دڵم ئەزیەتی دەبێت و دكتۆریش پێیوتووم بیست دەقیقە زیاتر بەسەریەكەوە قسە نەكەیت، ئیتر لەو كاتەوە تووشی نەخۆشی بووم، دەرس تەنها لە دكتۆرا دەڵێمەوە، واتە ماجستێریش ناڵێمەوە. ئێستا لە زانكۆكانی دیكە دەرس ناڵێمەوە، بەڵكو تەنها لەزانكۆی خۆمان (قانون ـ قسم عام، قسم خاص) لە قانونی قسمی خاص (3) سەعات دەرسی دكتۆرام هەیەو لە قانونی قسم عام ئەم تەدریسەشم بریتییە لە موقارەنەكردن لەنێوان قانون و شەریعەدا.

**لڤین: جەنابت تا ئێستا سەرپەرشتی چەند دكتۆراتان كردووە؟**

مستەفا زەڵمی: تا ئێستا نزیكەی (70) كەس بەسەرپەرشتی من دكتۆرایان وەرگرتووە. لە قانون و لە شەریعەو لە اصول الفقه، ئێستاش موشریفی شەش قوتابی دكتۆرام، لەگەڵ چوار قوتابی ماجستێر، واتە دە قوتابییم هەیەو لەو ژمارەیەش زیاتر یاسا رێگە بەزیاتر نادات. قوتابیم هەیە دكتۆرایە لە ئەندەنوسیا، لە یەمەن دوو دكتۆرا لای من تەواویانكردووە، هەروەها لە ئوردنیش و لە مالیزیاش قوتابیم هەیە كە لە دكتۆران، لە عێراقیشدا ئێستا ئەو مامۆستایانەی، ئەو دكتۆرانەی هاوەڵمن و لەگەڵمدا دەرسدەڵێنەوە پێنج كەسیان من موشریفی دكتۆراكەیان بووم، بەڵام من ئێستا زیاتر گرنگی بە نووسین دەدەم، هەتاكو بەشتی دیكە.

**لڤین: پرۆژەی نوێتان؟**

مستەفا زەڵمی: ئێستا دوو دكتۆرا كە دوو كتێبە لەژێردەستمدایە. یەكێكیان (فلسفة القانون) و ئەوی دیكەیان (أسباب الأباحة للأعمال الجرمية). واتە تاوان كەی موباح دەبێت، یەكێك تۆ بكوژێت، تۆ ئەو دەكوژیت، لەبەر دفاع عن النفس، دفاع عن الأرض، دفاع عن المال، ئەم كوشتنە ئەم جەریمەیە (تاوانە)، بەڵام لێرەدا موباحە، بەرگری لە نەفس و زەوی و ماڵ دەكەیت. جا موقارەنە (بەراوردی) پێدەكەم لەگەڵ شەریعەدا، جا ئێستا ئەو كتێبەم لەژێردەستدایە. لەم ماوەیەشدا سێ كوڕاسەم داناوە لەبارەی (طلاق)ـەوە، چونكە (طلاق) زۆر بەبێ مانا مەلاكان دەیخەن، ئەویش بەناوەكانی (خطوط الطلاق في القرآن)ء (الطلاق المقتحم لا يقع به الا بالطلقة الواحدة)ء ئەوی ترشیان (الطلاق المعلق في شريعة الأسلامية) ئەم سێ كتێبەم تازە چاپكردووە، بە تیراژی (3000) نوسخەو دابەشمكرد بەسەر مەلاكاندا لە هەولێر و سلێمانی...و هەروەها نزیكەی (27) كتێبم هەیە زۆربەیان لە لوبنان بە چاپگەیەنراون و چاپكراون و هەروەها خەریكی ئەوەم كە وا بیسەلمێنم قورئان دەفی داوە لەسەر ئەوەی كە وا جگەرەخواردن حەرامە. كتێبێك لەسەر ئەوە دادەنێم و هەروەها مەسەلەی ئەوەی كە ئەم دینارە تا بگاتە چ حەدێك زەكاتی تێدا واجبە، مەلاكان دەڵێن تۆ دەبێت تەقدیری بكەیت بە ئاڵتون، جا ئەگەر ئەوە بكەیت دەبێت سێ ملیۆنت هەبێت ئینجا زەكاتی تێدا واجب دەبێت، ئەمە لێرەدا زیانی هەژارەو قازانجی دەوڵەمەند، جا خەریكی ئەوەم كە كتێبێكیش لەسەر ئەوە دابنێم و ئەوە ئیسپات بكەم و بیسەلمێنم كە وا ئەمە هەڵەیەو ئەگەر مەبلەغێكیش بێت تەنانەت تۆ (100000) سەدهەزاریش بێت مادام ساڵی بەسەردا هات تۆ دەبێت زەكاتی لێبدەیت، نەك سێ ملیۆن، ئەوەشم ئێستا لەژێر دەستدایە، پاشان (بحث) دەنووسم و هەر دە بەحسێك دەكەم بەكتێبێك، دیارە دە بەحسەكە هەریەكەو باسی شتێك دەكات، ئەمە ئەگەر تۆ لە تەنها بابەتێكدا داینێیت جیاوازە لەوەی كە چەند بابەتێك و توشی پچڕپچڕبوون دەبێت، بەڵام ئەگەر یەك بابەت بێت، هەندێجار توشی ماندووبوون و بێتاقەتی دەبێت.

**لڤین: ئامۆژگاریت بۆ كەسانی خاوەن عیلم و هەڵگرانی پەیامی بەرزی زانست؟ دوا وتەت چییە؟**

مستەفا زەڵمی: من وەسێتم بۆ هەموو ئینسانێكی خوێندەوار ئەوەیە كە دەخوێنێت بۆ پارە نەخوێنێت، بۆ شەهادەو بڕوانامە نەخوێنێت، بەڵكو بۆ زانست بخوێنێت، ئەمە یەك، دووەم لەپاش ئیمان هیچ شتێك نییە لە دنیادا لە خوێندن باشتر بێت، لە عیلم و زانست باشتربێت، تۆ كە عیلمت هەبوو، رێزت هەیە، زانستت هەبوو، ژیانی باشت هەیە، عیلمت هەبوو، سەلامەتیت دەبێت، پاشان هەموو شتێك دەدزرێ بەڵام عیلم نادزرێت، هەموو شتێك بەشی خەڵكی لێدەدەیت كەمدەكات، بەڵام لە عیلمدا تۆ كە بەشی خەڵك دەدەیت زیاد دەكات، تاكو تەدریس زیاتر بكەیت عیلمت زیاددەبێت، ئەمە یەكێكە لە سیفەتەكانی عیلم، یەكێكی دی لە سیفەتەكانی ئەوەیە تۆ ئەگەر بگوێزیتەوەو بچیت بۆ شوێنێك سەیارەت ناوێت، عیلمەكە باربكەیت، بەڵام شتی ماددی بەپێچەوانەوەیە، دز ناتوانێت بیبات، كەس ناتوانێت رووتتبكاتەوەو ئەتوانی لە هەموو شوێنێك بە كەرەم و بە ئیحتیرام و شەرەفەوە بژیت، لەبەرئەوە یەكەم ئیمان، دووەم عیلم.